# گوڵاوێک بۆ ژیان

ابراهیم نانەکەلی

وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ( 32 )

ژیانی دنیا جگە لە یاری و گەمەو گاڵتەیەکی کەم نەبێت هیچی تر نیە، بێگومان ماڵی دوایی (بەهەشتی بەرین) چاکترە بۆ ئەوانەی کە پارێزکاری و خواناسی دەکەن، ئایا ئەوە عەقڵ و ژیریتان بۆ ناخەنەکار و ژیر نابن؟

# ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب :گوڵاوێک بۆ ژیان

بابەت :ئامۆژگاری

نوسینی :م.ابراهیم نانەکەلی

ساڵی دەرچوونی:٢٠٢٢

# پێشەکی

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا و نبينا و قائدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

سەرەتا سوپاس‌و ستایش بۆ پەروەردگاری زۆر مەزن داواکارین لێی لێمان خۆش بێت‌و لەتاوانی پاش‌و پێشمان ببورێت‌و نەمانکات بە بەندەیەکی ستەمکار، وەپەنای پێ ئەگرین لەوکردەوە ناشیرین ونا دروستانە. آمین

هەروەکو چۆن خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرمووێت : يَا قَوْمِ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى الَّذِي فَطَرَنِي أَفَلَا تَعْقِلُونَ ٥١(هود وتی) ئەی خزمەکانم من لەسەر ئەم کارو بانگەوازە خواییەی کە بەئێوەی ڕادەگەیەنم هیچ کرێ و پاداشتێکتان لێ داوا ناکەم، کرێ و پاداشتم تەنها لەسەر ئەو زاتەیە کە بەدی هێناوم، باشە ئەوە بیر ناکەنەوە و ژیرنابن ؟ وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ وَلَا تَتَوَلَّوْا مُجْرِمِينَ ٥٢ ئەی خزمەکانم داوای لێخۆسبوون لە پەروەردگارتان بکەن، پاشان بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو، ئەوە لە ئاسمانەوە بارانی زۆری پر بەرەکەتتان بۆ دەبارێنێت، هێزو دەسەڵاتتان بۆ زیاد دەکات، زیاد لە هێزو دەسەڵاتی ئاسایی خۆتان، ڕوو وەرمەگێرن لەم باس و ئامۆژگاریانە لەکاتێکدا کە هەمیشە تاوانبارن. جا بەراستی نامەوی لە پێشەکیەکەدا وەسفی کتێبەکە بکەم بە قسەی باق و بریقەدار بەڵکو دەمەووێ باسێکی گرینگ لێرەدا بورژێنم ، مامۆستایانی ئاینی کە میرات گری پێغەمبەران هەموو کات بانگەشەی ئەوە دەکەن کەخەڵکی بەگشتی دووربکەوێتەوە لەخراپە و بەرەو چاکە و ڕێگاو ڕێبازی هەق هەنگاو هەڵبنێت ، تۆ ئەگەر مەلاش نەبیت ئەگەر کەسێکی شێت یان مناڵ یان یان بێ هۆش ببینی بەرەو ئاگرێک دەڕوات و وادەزانی سودی هەیە و بەس ڕووناکیە تۆ بەبێ شک و گومان و دوو دڵی دەچی بە هەموو توانا و هێزێکتەوە ڕێگری لێ دەکەیت کەوا بسوتێ و یان لە ئاگرەکە نزیک ببێتەوە ، مامۆستایانی ئاینیش بەهەمان شێوەن بەڵکو بگرە زۆر زیاتریش چونکە :مامۆستایان زانستیان پێیە کە سەرئەنجامی سەرکێشی و دووژمنایەتی خواو وڕێگای خراپە بەرەو ئاگر و توڕەبوونی خوای تعالى جا مامۆستایان لە ڕێگای قسەکانیان و وتارەکان و وەڵام دانەوەی پرسیارەکانیان ئەم دینە ڕادەگەیەنن وەکو چۆن پێغەمبەر گیان لەحەجی

ماڵئاوای دا فەرمووی( هَلْ أُبَلِغوني) بە سەحابەکانی فەرموو دینم پێ ڕاگەیاندن سەحابەکانیش فەرموویان بەڵێ پێغەمبەری خواش فەرموو کەوایە خوایە خۆت شاهێد بە کەوا من ئەوە دینم پێ ڕاگەیاندن و ئیتر من بەر پرسیار نیم لە خراپە و تاوان وبێ ئاگای کەس لە دینی ئیسلام .جا بۆیە منیش وەکو خۆم خۆم بە بەرپرسیار دەزانی ئەوەی لەمێشکمە و ئەوەی پێیدا تێپەڕ بومە و لێی تێگەیشتوومە بە پێویستم زانی بە ئێوەشی بگەیەنم ئیتر من خۆم لەم بەر پرسیارەتیە لا بدەم و ئەوە منیش وا بەهۆی ئەم کتیبەوە بە ئێوەم ڕاگەیاند و چیتر بەرپرسیار نیم لەوەی کە پێمە و ئێوە نای زانن ، وە ئێمە دەی گەیەنین و لەسەر ئێوەشە کە جێبەجێی بکەن لە ژیانی ڕۆژانەتاندا بۆ ئەوەی توشی هەڵەی گەورە نەبن و دواتر ئاخ و داخ هەڵنەکێشن بەهۆی ئەم کارانە لەکۆتایدا دەڵێم : یارەبی خوای گەورە هەموولایەک سەرکەوتوی دونیا وقیامەت بکات امین اجمعین.

م.ابراهیم نانەکەلی

١٥/صفر/١٤٤٤

یەک شەم

## کۆمەڵگا

خەتای ئێمە چیە ؟؟؟؟

خەتای ئێمە چیە لە کۆمەلگایەک دەژین کاتێک دەبینن هەلەیەک دەکەی دەستت ناگرین تا هەڵەکەت راست بکەیەوە !!!!! بەڵکو دەستت بەردەدەن و دەشکێنن وە پشتیشت لێ دەکەن ئەوانەش قەینا دەچێ لای ئەوان لە پشتەوەش باست دەکا خراپترت دەکا و غەیبەتت دەکا و دەت شکێنتەوە نە برایەتی و نە مسولمانایەتی لە پێش چاوی نیە جا بۆیە ئەمە ئەم کۆمەڵگایەیە کە ئێمەی تیا ئەژین ، ئەی ئیماندار ئەگەر کۆمەڵگا بەم شێوەیە خراپ بوو لەسەرت پێویستە کۆچ بکەی بڕۆی ڕا بکەی لەو شوێن و جێگایەدا نەکا تۆش خراپ بکەن و تۆش سیفەتی وا بگری و لێیانەوە فێری ئەم دڵ ڕەقی و خراپەیە بیت جا دەبێ تۆ کۆچ بکەی لە شوێنێکی وەها خراپ و نالەبارەوە بڕۆی بۆ شوێنێکی باش و چاک و بۆ ئەوە بەخۆشی و شادی بژی و لە دەم و تەنانەت دڵ و کرداری خەڵکیش دا ئەمین بیت و سەلامەت بی چەندە خۆشە لە دەوروبەرەکەت ئەمین بیت و هەموو قسە و گوفتارێک بکەی لەوەش دڵنیابیت کە دواتر لە پشتەوە باست ناکەن و بوختان و غەیبەتت ناکەن ، ئەگەر شوێنەکەت وەها نەبو پێویستت بە چیە بە کۆچێکە لە پێناوی خوای تعالی کە ئەو شوێنە جێ بهێلیت و بگەرێی بەدوای شوێنێکی ئارام و سەلامەت و ئەمین ، وەهەروەها ئەگەریش دەستت نەکەوت باشترین چارەسەر چیە خۆ دوورەپەرێز بگری لە تەواو ئەو مرۆڤانەی کەوا دڵیان ڕەشە و ناخیان وێرانە و یەک نیە دڵ و زوبانیان ، هەر کە لە ئیش و شوێنی کارەکەت گەڕایەوە تەنها بۆ نوێژە بیتە دەرەوە و بچیتە لای دایک و باوکت و برا و خوشکت و هاورێیەکی باش کە لێی ئەمینیت ئەوە سەری هەموویەتی بەسە و کافیە با هاوڕێی دونیات کەم بێ و هاوڕێی قیامەتت زۆر بێ جابۆیە هەموو هەوڵێک بدە و خۆت بپارێزە لە خەڵکی دونیا و هاورێ دونیایی تۆ ئەگەر وات نەکرد یانی هیچت نەکرد یانی بناغەی هاورێیەتیەکەتان لەسەر شتێکی دونیای و بەرژەوەندی بوە نەک لە پێناوی خوای تعالی خۆ دوورە پەرێزی لە کەسانی وەها واجبە چونکە بەراستی تەئسیراتی زۆر دەبێ لەسەرت وە وات لێ دەکەن وەکو وان دەست بە گوناح بکەی و لاشت ئاسای بێت هەرنا لە مەجلیسی وان دانیشی ئەوان

غەیبەتێک بکەن تۆش بەژداری چونکە لەو مەجلیسەدا بەژدار و وجودت حازر بوەلەو مەجلیسە پیسەدا خواپەنامان بدات ، وەرە چەندی پێت دەکرێ ئەی ئیماندار لەم کۆمەلگایە پیس و موغەنەتە دوور بکەوە کۆمەلگا بەگشتی پشتیان لەم دینە کردووە ڕوویان لە دونیایە و چاوی دڵیان ئیش ناکات و نازانن بۆ دەژین و چی دەکەن و چی ناکەن هیچ ئامانجێکیان نیە لە ژیان و ئەم ڕێیەی پێی دا ئەڕۆن نازانن ئەو ڕێیەی گرتویانە بۆ جەهەنەم دەیان بات یاخود بۆ بەهەشتە تۆی ئیماندار کە هەموو کار کردەوەیەکت لەبەر خوای گەورەیە و هەمووکات فکر و بیر و هۆشت لای قیامەت ڕۆژی حیسابە دەبێ زۆر خۆت بپارێزی لەم جۆرەکەسانە و لە کۆمەلگایە فاشل کەوا هۆکاری تێک چونە کەشی دەگەڕێتەوە بۆ پشتکردن لە قورئان و سونەت ئەگەر هات ئێمە دەستمان گرت بەم دوانە هەرگیز بوختان ناکەین غەیبەت ناکەین هەتا بە دڵیش گوناح ناکەین ئیمانداری ڕاستەقینە بە دڵیش گوناح ناکات ئەوکاتیش کۆمەڵگا سەڵامەت دەبێ و خەلکی لە دەم و دەستی یەکتری ئەمین و سەلامەت دەبن کۆمەڵگایەکی سەڵامەتمان دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە و خوای تعالیش سۆز و میهرەبانی و ڕەحمەت و بەرەکەتی خۆی دەڕژێنێت بەسەرماندا .

## هەنگاوەکانی مرۆڤ لە ژیانی دا

مرۆڤ دەبێ لە ژیانی ئەم دونیایەی دا زۆر بە وردی هەنگاو بنێت و ئاگاداری هەموو هەنگاوەکانی خۆی بێت کە دەیی هاوێ ، چونکە:هەموو هەنگاوێک لە ژیانی مرۆڤ دا حیسابە لەسەری سەرەتا ئێمە دەبێ بزانین ئەو هەنگاوانەی کە دەی هاوێین بۆ کێیە و ئایە باشە ئەو شوێنە یان خراپە وە هیچ مەعقول نیە ئێمە هەنگاوێ بهاوێین لەبەر سێبەر و ڤێنکایەتی بێت لەبەر هەتا و گەرمای و ناخۆشی بێت وە ئەو هەنگاوە نابێ ببێتە مایەی زیان بۆ ئیمان و دڵ و ژیانمان ، ئێمە وەنەبێ لە ژیانی دونیاماندا بمانەوێ هەنگاو بنێین ئازاد و ئاسای بێت و بە دڵی خۆمان هەنگاو بنێین بۆ هەموو شوێن ئایە ئەو هەنگاوە ژیانمان دەگۆڕێت یاخود باشمان دەکات یان خراپترمان دەکات لەوەی ئێستا تیی داین تۆی مرۆڤی ئیماندار دەبی هەموو هەنگاوێکت لە پێناوی خوا بێت بۆ ئەوەی بەخێر و حەسەنات بۆت هەژمار بکرێت ، گەر جویت بۆ شوینەک دەبێ نیەتت ساف بکەی و نیەتت ڕێک بکەی لەگەڵ خوای تعالی وە ئێمە نابێ هەنگاو بنین بۆ شوێنی مەی و حەرەق خواردنەووە بۆ شوێنی زیناکردن بۆ شوێنیک کە کاری خراپە و بەد ڕەوەشتی تێدا ئەنجام ئەدرێت یان هەنگاوێک بنین بۆ لای کەسێک کە نوێژ ناکات یاخود کافرە و موناففه بە فعلی و نەزەری چونکە ئیماندار دەترسێ لە غەزەبی خوای گەورە کە ئەویش بگرێتە وە کە ئەوهەنگاوەی نابێ وە ئەو جۆرەهەنگاوانە بهاوێین و نیەتی دڵمان و هەنگاوەکانمان بۆ خراپە بمان بات چونکە بەراستی ئەو هەنگاوانە زەلەرمان پێ دەگەیەن و حالمان خراپ دەکەن و ژیانمان وێران دەکەن و لەناومان دەبەن وە ابێ بیر بکەینەوە کە ئێمە ئەو هەنگاوانەمان نەهاوێشت لەبەر الله تعالی ئەوە خوای گەورە بەخێر و چاکە و حەسەنات بۆما دەنوسێت ، ڕاستە ئێمە ئەوەی دەی بینین ئەوە تەنها الظاهر یەکەیە کە دەی بینین وەرە با بە جانیبەکەی تر لێکی بدەینەوە کە تەنانەت نابێ بە دڵیش تۆ گوناح بکەی ئەی هاوار چ جای ئەوەی هەنگاوێک بنێ و بەرە و تاوان برۆیت و بێ باک بی لەوەی کە توانای دایی وا لەو قاجەت بکەی کە هەنگاوی پێ بنێت ئینجا ئەچێ بێ فەرمانی ئەوی پێ دەکەی دژی قسەی ئەو دەوەستیەوە بەبێ بیر کردنەوە

لە وردی ئەو دەمارانەی قاچت ، وە خوای گەورە دەفەرمووێت لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی الانعام

( قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ..... ( 11 )

پێیان بڵێ: بڕۆن بگەڕێن بەسەر زەویدا ....

با بگەڕێین و شتی عەجیب و سەیر ببینین لە دروست کراوانی خوای گەورە لەو دەشت و بیابان و گرد و جیاو شاخ و دۆڵ و کانی و ڕووبار و دەریا و زەریادا وە بەراستی قاچەکانت نیعمەتی خوای گەورەیە کە لە دونیادا دوو قاچی ساخمان هەیە و دەتوانین پێی بجینە هەموو شوێنەک با وا لەو نیعمەتە نەکین کە پێی بچینە شوێنێکی خراپ و شوێنی تاوان کردن بێت وە با وانەکەین لە قیامەت شاهێدی خراپەمان لەسەر بدات و ببێتە دووژمنمان ئەو نیعمەتە وە با ببێتە شاهێد بۆ باشە و لە مەیدانی قیامەت بلێ خوایە من قاچی فلان کەس بومە لەدونیادا وە لێرە شایەدی بۆ دەدەم کە لەدونیادا تەنها پێ چوە بۆ شوێنی باش و مزگەوت و علم کۆ کردنەوە و بۆ خێر وسەدەقە منی بەکار هێناوە ئەها لێرە دەبێتە نیعمەت نەک نیقمەت جا بۆیە بەراستی پێویستە لەسەرمان قەدری ئەو نیعمەتە گەورەیە بزانین ، بەس بڕۆ لە کەسێک بپرسە کە قاچی نیە ناتوانێ هەنگاوێک بنیت بزانە لە چ ژیانێک دادەژیت ئەوکات هەست بەو نیعمەتە دەکەی دەزانی کە تۆ لە چ نیعمەتێک دای کە بێ ئاگای لێی ، خوایە گیان تاوەفاتیش دەکەین وامان لێ بکەی ئەو نیعمەتە تەنها بۆ تۆبەکاری بهینین و لێمان نەستێنیتەوە و لە قیامەتێش شایەدی باشەمان بۆ بدات .

## وردی تاوان

ئەی بەندەی خوا ، وەرە بیر بکەوە

تۆ کاتێک بە کۆڵانێکدا دەڕۆی دەچیە بەر سێبەری ماڵێک

ئایە دەزانی تاوانە !؟ بڵێ بۆ با بە نموونەیەک بۆتان شی بکەمەوە ، بۆنموونە تۆ داوا لە کەسێک دەکەی سەیارەکەیت بداتێ و بەکاری بهێنی بۆ فلانە شوێن پێ بچی و بێیتەوە سەیارەکە هی خۆت نیە بە ئیزنی خاوەنەکەی بەکاری دەهێنی وە کە هێناتەوە دەست خۆشی لێ دەکەی و لەوەیە بۆشی پڕ بکەی لە بەنزین ، بەڵام ئایە دەکری بەبێ ئیز بیبەیت و کاری خۆتی پێ بکەی و بۆی بهێنیەوە وە ئەگەر ساحێبەکەی نەناسی چی ڕوو دەدات ڕەنگە لەگەل کابرا ببێتە شەڕ و کێشە و ....هتد ئەوە سەیارەیە باشە شتەکە گەورەیە لە دونیا دا ، بەس وەرە بیر بکەوە و بەراوردی بکە ، ئایە سێبەرەرەکە هی خانوەکە نیە ؟ کابرا خاوەنی ئەم خانوە نیە کە سێبەری هەیە کەتۆ پێت لێداناوە نەک دانیشتوی لە ژێری و ئیسراحەت بکەی ؟ بێ گومان لە وەڵام دا دەلێی با ئەی باشە بۆچی بێ پرس بەکاری دەهێنی و داوای گەردەن ئازای ناکەی و هەست بە تاوان ناکەی ؟ ئەگەر چی شتەکە بچوکیشە ئەی نەت بیستوە خوای گەورە دەفەرمووێ لە سورەتی الزلزلە دوو ئایەتی کۆتایدا.

فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ( 7 )

جا ئەوەی بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك خێرو چاكەی ئەنجام دابێت دەیبینێتەوە.

وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ ( 8 )

ئەوەش کە بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك شەڕو خراپەی هەبێت، دەیبینێتەوە.

دە کەوا بو ئەوە زۆر بچوکە دەبێ حیسابی بۆ بکەی و بیتە خاوەنی ئەم دڵ و ویژدانە و نەفس بکوژی و هیچ شتێکی بەقەد مسقالە زەرەیەک لە خراپە و شەڕ نەخەیە سەر حیسابی تەرازوی قیامەتت چونکە:باش بزانە کە پرسیارت لێ دەکرێ و لێ پێچینەوەت لەگەلدا دەکرێ چونکە: ئەمە هەق و مافی خەلکیە دەبێ حیسابی بۆ بکەی ، ئێمە لە دونیادا دەبی بە

دڵ و گیان و رۆح و هەموو وجود و بونمان هەوڵ بدەین لە قیامەت دا سەڵامەت بین وە نەکا شەرمەزاری رۆژی مەحشەری بین وە لای پێغەمبەر و پیاوچاکان شێخمان نەبین ، وە من ئەوقسانەم بۆ ئەو کەسانەیە کەخاوەنی دڵ و ئەهلی دڵ و تێدەگەن کە مەبەستم چیە راستە شتەکە بچوکە و حیسابی بۆ ناکەین بەلام پەروەردگارمان حیسابی بۆ دەکات وەکو چۆن لەم ئایەتە دا کە باسمان کرد و بەلگەمان بۆ هێنایەوە کە لێپێچینەوەمان لەگەل دا دەکات لەسەر بچوک ترین شت خوای پەروەردگار لێمان خۆش بی و رەحمان پێ بکات لە دونیا و قیامەت .

# میوانی دوای دوانزەی شەو

هەموو شەوی پاش 12 مێوانەک دێتە مالی هەموومان بەبێ ئەوەی پرسمان پێ بکات ، زۆر لە وەزیری دارای و سەرۆک وەزیران دەولەمەنترە زۆر لە ملیاردێرەکانی جیهانیش دەولەمەنترە ، دەزانی چ تاوان و جەریمەکمان کردوە کە کەس پێی نازانێ و بە پەنهانی ماوەتەوە لە دلمان ، دێت و دەلێ چیت دەوێ با بۆت بکەم ، هەموو داواکانیشمان چێ بەجێ دەکا بەبێ ڕەت بونەوە ، ئەو میوانە لەپێغەمبەریش خۆشەویسترە لای هەمووان ، هەست بە هەموو ئازار و نارەحەتیەکانمان دەکات ، هەموومان لەخۆمان باشتر دەناسێ ، مردن و ژیان و باش و خراپ بونی ژیانمان بە دەستی ئەوە خەندە و پێکەنین و گریانیشمان بە دەستی ئەوە ئەو میوانە خوای پەروەردگارە ، بۆ ناچین بۆلای و پێشوازی لێ بکەین نازانم بۆ!؟ ، پیاوانی خوا لە شەو نوێژ پێشوازی لە میوانەکەیان دەکەن کە خوای پەروەردگارە ، تۆش بڕیاربدە ببیتە پیاوی خوا و دەست بکەی بە شەو نوێژ ، شکات و هاواری برینەکانت لە شەوێکی تاریکی سارد و سڕدا بۆ لای ئەو ببە وە چارەی دەردت لای ئەوە ، بەبێ ئەو گەلای دارێکیش ناجولێت بڕۆ بۆ لای ئەو ، وا لەخۆت بکە ئەوکاتە پیرۆزە بەخەبەر بی هەر هیچ نەبێ هەموو شەوێ نیو سەعاتێک یان چارەگێک تەرخان بکە بۆ پەرستی الله تعالی لەم نیوە شەوەدا ، هەوڵ بدە شەوان بچیتە خزمەت الله تعالی ئەی تۆئیشت بەخوا نیە ؟ قەردار نیت؟ بێ ژن نیت ؟ بێ خانوو نیت ؟ بێ کار و ئیش نیت ؟ بێ فلان شتە وفلان شتە نی؟ چارەسەرت دەوێ ئێ دەی فەرموو چارەسەرەکەی لە شەوان داوای لەخوای تعالی بکە کە بە یەک (کن فیکون)ێک چارەسەری هەموو دەردی بێ دەرمانێک دەکات ، ئێمە لە ژیانماندا زۆر کەمتەر خەمین بەرانبەر اللهتعالی لێی دورکەوتینەوە بەس بگەڕینەوە بۆ لای باوەشی میهرەبانی و عەفو لێ خۆش بوی خۆی دەهێنێت بەسەماندا دەی ئەی پیاوی باش دەی بکە بە شەو نوێژ ئەگەر هەر ناتوانی تەنها پاش نوێژی عیشاء دوورکات نوێژی سونەتی شەونوێژ بکە یان هەر چۆنێک بێت لەوە دامەبڕێ (قم الیل الا قلیلا) وەدەبێ تۆ متمانەت هەبێ چارەسەری هەموو کێشەکانت کەتەنها الله تعالی دەتوانێ چارەسەری بکات وە زەن و فکرت چۆن بێ بەرانبەری ئەو ئەویش ئاوا

دەبێت لەگەڵت وەرە چارەسەری هەموو دەردەکانت وەر بگرەلە نیوەی شەودا هاناو هاوارت لە نیوەشەودا لەگەڵ خودا باسی کێشەو موشکلەکانت بکە بەوهیوایەم چاسەرەسەکەت زوو وەر بگری و تا دەمری واز لە شەو نوێژ نەهێنیت . لەدوعای خێریش بێ بەشم مەکەن

# یادی خوای پەروەردگار

بەس دانیشی هیج نەکەی تاوان باری چونکە دەبێ سوپاس گوزار و داوای رەحمەت بکەی لە الله تعالی وە دەبێ سوپاسی خوا بکەی لەسەر ئەوەی کە قەلبت ئێش ناکا و داوای لێ خۆش بون بکەی  کە عەزابت نادات و غەزەبت لێ ناگرێ و ڕێزی لێ گرتوی وەکو بەنی ئادەم خەلقی کردوی و نەی کردووی بە شتێکی تر و کردی بە مرۆڤێک وە لە باشترین ئوومەتەکانی کە ئوومەتی محمد موستەفایە ، دەی تۆش زۆر زکر و سەڵاوات لیدە ، خوای گەورە دەفەرمووێ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ( 41 ) ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە زۆر زۆر یادی خوا بکەن (هەمیشە ناوی پیرۆزی ئەوتان لەیاد بێ لە دڵ و دەروونتانا یادی خوا بکەن و زکری ئەو بێتە سەر زارتان). زکری زۆر بکەن چەندە زۆر یەک هەزار یەک ملیۆن یەک بلۆین ؟ نا هێشتان زیاتر هەر بکە هەربکە هێشتان زۆر تر بکە چونکە مەعدود نیە و پێویێتە ئێمەی مرۆڤ وا لە دڵمان بکەین تەنانەت بۆ ساتێکی کەمیش لە لەزاتی الله غافڵ نەکەین و بێ ئاگا نەبین لێی چونکە : هەر ئەوە شایستەی پەرستن و یاد کردن ، عەیبە دار و بەرد و بێ ئەقل و بێ گیان یادی خوا بکات ئێمەی مرۆڤ لەو هەموو نیعمەت و خۆشی و شادیە و مێشک پڕ لە ئەقڵەدا دەژین و پێغەمبەرێکمان بۆ هاتوە کە رحمەتە بۆ هەموو خەلکی بە کافر و مسولمانەوە کە فێری هەموو شتیکی کردنی و خوای پێ ناساندین کە الله یە و پێمان دەفەرمووێ کە یاد و زکر و پاڕانەوە کانمان با بۆ الله بێت و بۆ غەیری ئەو هیچ نەکەین چونکە جگە لە الله سودیکمان پێ ناگەیەنێ هیچ شتەک ، بۆ با هەموو کات یادی بکەین و بە دانیشتن و بە هەستانەوە بە ڕۆیشتن و وەستا لەهەموو لە حزەیەک پێویستە خۆمان لێ ڕابهینین کە لەهەموو کاتێک دا یادی ئەو لە دڵ و زوبانماندا هەبێت رۆحمان دڵمان بە یادی ئەو تەڕ بکەینەوە و ئاوەدان بکەینەوە هەمووکات ، وە خوای گەورە دەفەرمووێت: وَلَا تَكُن مِّنَ الْغَافِلِينَ ( 205 ) لەبێئاگایان مەبە (ئەوانەی دڵیان غافڵە). با ئێمە لەو کەسانە بین کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز جێ بە جێ دەکەن وەکو سەحابەکان و پیاوچاکان کە ئێمەش وامان کرد لەو کەسانە نەبوین کە غافلن لە یاد و زکری الله تعالی ئەوە ئێمە ئەو ئایەتەمان تەتبیق کردیە وە

دیاره ئەو کەسانه خراپن و باش نین لەلای خوای گەورەیه دەفەرمووێ له بێ ئاگایان مەبن ، وه تۆ هەموو کات ئەو کەسانه بهێنه پێش چاوی خۆت که بەردەوامن له یاد و زکری خوای گەوره که چەنده دڵیکی جوان و باش و جاک و سافیان هەیه بۆ بەرانبەرەکەی بۆ ئەمری خوای گەوره دایمه لەسەر دەوامن بۆ جێ بەجێ کردنی کار و فەرمانی خوای گەوره ئا ئەوانەن که پیاوی خوان و پلەی وەلیان پێ دەبەخشرێ و پەروەردگار وەکو له فەرموو ده قودسیەکەش باس دەکرێ دەبێته قاجیان دەبێته چاو دەستیان و یارمەتیان دەدات هەتا سوێن بخۆن بلێن دەبێ ببێت شتەکه الا دەبێت ، ئەوەش به زکر و فکر و تەزکیەی نەفس و خۆ مەشغول کردن به یادی زاتی الله تعالی .

یارەبی خوایەگیان وامان لێ بکەی که لەو کەسانه بینه که دایمه تۆیان له فکره و وامان لێ نەکەی له بێ ئاگایان بین.

# وەهمی شەیتان

وەکو چۆن مرۆڤ درووست کراوی خوایە شەیتانیش بەهەمان شێوە درووست کراوی خوای گەورەیە ، شەیتان بەرلە ئادەم بونی هەبوە خوای گەورە کاری شەیتان تەنها و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بوە وە ئیبلیس کە گەورەی هەموو شەیتانەکانە لە ئاگر دووست کرابو لەلای خودا ، وە لەلای خوای گەورە ئبلیس زۆر بەرێز و حورمەت بوە ، کاتێک خوای گەورە ئادەمی خەلق کرد لە خۆڵ و فەرمووی دەی سوجدە بۆ ئادەم بەرن ، ئا لەوێ دا شەیتان خۆی پێ گەورە بو غروری گرتی گوتی چۆن دەبێ من سوجدە بۆ ئادەم بەرم لە کاتێک دا من لە ئاگر درووست کراوم و ئەویش لە خۆڵ دروست کراوە، نەفسی فێلی لێکرد و وای لێکرد فەرمانی خوا جێ بە جێ نەکات وە هەموو مەلائیکەتان سوجدەیان برد تەنها ئیبلیس نەبێت ، وەفەرمانی خوای شکاند و تەوبەی نەکرد و خوای گەورە بەنەعلەتی کرد و لەرەحمەت و سۆز و بەزەی خۆی بەدوری گرت و کرد و چووە ریزی کافرەکان وە ئادەمی نارد بۆ بەهەشت و شەیتانیش بەدوای هەڵێک دا ئەگەرا بۆ تۆلەکردنەوە لە ئادەم چونکە : هەر ئادەم بوە سەبەبی لە پلە و مەقامە گەورەیە دا دەرکرا و خوای گەورە پلەو گەورەی و پۆستەی لێی سەندەوە وە هەلێکی دۆزیەوە وای لە ئادەم و حەوا کرد لەو دارە بخۆن کە خوای گەورە لێی قەدەغە کردون چونکە : ئەو دارە تەمەنتان هەتا هەتای لێدەکات و ئەو دارە خۆشە و وایە وایە کۆمەڵێ وەسفی تر وەهەروەها چۆنیەتی وەسوەسەکە چۆن پێی وتوە چی بوە ئەوە خیلافێکی زۆر لەسەرە و نازانین چۆن بوە وە هەر کەسە و بە شێوازێک باسی کردووە ئینجا پاش ئەوەی شەیتان ئەم تاوانەی بە ئادەم کرد خوای گەورە هەردووکیان ناردە سەر ئەم زەویە و شەیتان وتی خوایە مادەم منت بە نەعلەت کردوە ئەوە بەلێن بێت هەتا قیامەت بەنی ئادەم لە خشتە بەرمو و سەریان لێ بشێوێنم و بەلارێیان بەرم ، ئەوە بوو خوای گەورە هەردووکیان ناردە سەر زەوی بۆ تاقی کردنەوەیە ، وە بەنی ئادەم کەوتە ئەم شەڕە کە دوو بەرانبەر یەکە شەیتان و نەفس بەرانبەر بە بەنی ئادەم وەبەراستی بەنی ئادەم خەسارەت مەند و دۆڕاوە ئەگەر بکەوێتە دوای نەفس و شەیتان ، خوای گەورە لەقورئانی پیرۆز دا بەنی ئادەمی دەفەرموویێت:(يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الْأَرْضِ حَلَالًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا

خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ)سورەتی البقرە ئایەتی ( 168 ) واتە: ئەی خەڵکینە! لە ڕزق و ڕۆزی حەڵاڵ و پاکی زەوی بخۆن (توخنی قەدەغە کراوەکان مەکەون) و شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، چونکە بێگومان ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە. لە سێ دانە ئایەت خوای گەورە دەفەرمووێت:شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون نا فەرمووێ شوێنی شەیتان مەکەون دەفەرمووێ ئەو هەناگاوانەی شەیتان بۆتان دادەنێت و ڕێگا و شوێنانەی شەیتانیش بۆتان دیاری دەکات شوێنی مەکەون و خۆتان لێ بپارێزن بۆ نموونە : تۆ ئافرەتێک دەبینی لەبازار چ پێویست دەکات سەیری بکەی و دیقەتی زۆر بدەیتێ ئەگەر زۆر دیقەتت دایی ئەویش سەیرت دەکات ئەوجارە تۆ چاوێکی لێ دادەگریت ئەوجارە ئەویش ئەوجارە ژمارەی ئەدەیتێ ئەوجارە مەوعید دادەنێن کۆتا جاریش توشی زیاناکە دەبیت و پەنا بەخوا ئەوە شەیتان سەبر سەبر ڕێگای بۆ دانایت بەس ئەگەر هات و جەنابت لە سەرەتاوە ڕێگاکەت قەتع کرد هیچ کام لەوانە ڕووی نە دەدا جا بۆیە شەیتان هیچ ناکات تەنها وەسوەسە دەکات دڵی بەنی بەنی ئادەم و هیچی ترنیە خۆ شەیتان ناڵێ الا دەبی ئەو نەزەرە بکەی ئەو زینایە بکەی ئەو وەسوەسەت بۆ دەکات نەفسیشت حەزی لیە و تۆش بناغەکەی ئیمانت زۆر پتەوە نەکردیە بە قورئان و زکر و تەسبیحاتت جەنابیشت بۆیە توشی ئەم تاوانە دەبیت پەنا بە الله لە وەسوەسەی شەیتان وە شەیتان کە وەسوەسەش دەخاتە دڵی بەندەکان و توشی تاوانێ زۆر گەورەیان دەکات دەزانی چ دەڵێت خوای گەورەی لە قورئانی پیرۆز دا دەفەرمووێت :كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ ( 16 ) سورەتی (حشر) (نێوانی دووڕووەکان لە گەڵ جووەکان) وەك شەیتان وایە کە هانی ئادەمیزاد دەدات لە ڕێی خەیاڵ و وەسوەسەوە؛ پێی دەڵێت: وەرە کافربە (بە جوانکردنی هەموو جۆرە تاوانێک کە خوا پێی ناخۆشە)، جا کاتێك کە کافر بوو (واتە ئەو کارانەی ئەنجام دا کە شەیتان پێی ڕازیە) پێی دەڵێت: بەڕاستی من بەریم لە تۆ من لە پەروەردگاری جیهانیان دەترسم!!.ئیشی شەیتان تەنها ئەوەیە کە وا لە ئادەمیزاد بکات تاوان و خراپە بکات کە کردی دەڵێ ئەمن لەتو نیم و لەخوای جیهانیان دەترسم، وەکو ئەوە وایە بڵێم مامۆستا فلان زۆر خراپە و پیسە وا باسی دەکردرێ و لێی بدە و تۆڵەی خۆتی لێ بکە ، وە ئەو دووژمنی تۆیە وە لە ڕاستیدا

وانیە وەهەر کە کە لێت دا ئەمن یەکسەر بچمە بەرەی جەنابی مامۆستا و بلێم مامۆستا باشە و ئەوە خراپە کە ئیشەکەم پێ کردی دواتر خۆم بێ بەری بکەم لێت و بچمە لای مامۆستا ، کەواتە ئەی بەنی ئادەم وەرە سەیر بکە ئەو وەهمەی شەیتان بکە درۆیە وەسوەسەی شەیتان هیچی ترنیە هەنێک قسەی قۆڕ و ڕازاندنەوەی شتانێکی درۆ و هەڵخەلەتێنەرە وەشەیتانی نەعلەت لێ کراو زۆر لە دوای ئەوکەسانەیە کە هەڵیان بخەلەتێنێنت و لە ڕێگا لایان بدات ئەوانەن کە دەست دەکەن بە علمی شەرعی بۆ چونکە ئەوانە دواتر نەفعیان دەبێت و خوای گەورە هیدایەتی زۆر کەس دەدات لەسەر دەستی ئەو کەسانە کە علمی شەرعیان پێیە وە شەیتان فێلی کەسێکی وەها وە هەقی بەسەر کەسێکی دوور لە دین و خراپەکار و موافق لەگەل کاری شەیتان و کوفر دا نیە دەلێ تازە ئەوە لە ڕێگای هەق و راست لای داوە چۆن دەلێی دەستی لێ شۆریتەوە شەیتان وە بۆیە ئینجا ئەوە بابەتی سەرەکی ئێمە نیە مەبەستم لەناسینی کارەکانی شەیتان بو بۆ هەمووان وەهەروەها زۆرلەوەش سەیر تر کاتێک لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو بەهەشتیەکان ئەچنە بەهەشتەوە وە هەموو دۆزخیەکان دەچنە ناو دۆزخەوە وە هەوەها ئەهلی دۆزەخ لە ناو دۆزەخ دا ڕوودەکەنە شەیتان و پێی دەلێن هەموو تۆ بووی وات لە ئێمە کرد شوێنمان دۆزەخ بێت ئینجا ئەها سەیری ئەو وەلامە سەیر جوان و شۆک هێنەر بەراستی شایەنە لەسەری ڕاوەستین و بیری لێ بکەینەوە دەلێ (من هیچم بەئێووە نەکردووە بەڵکو ئێوە خۆتان کردتان من تەنها پێم وتوتن و ئێووەش ئەنجام تان دا خۆ من بەزۆر پێم نەکردن وەسوەسەم بۆم کردن و ئێووەش ئەنجام تان بۆیە خەتاکە مەخەنە ئەستۆی منەوە) ئەها سەیری ئەو هەموو دیمەنە بکەن کەواتە دەر دەکەوێ کە شەیتان هیچی توانایەکی بەسەرمانەوە نیەبەلکو ئەوە خۆمانین کارەکە دەکەین و گوێ لە وەس وەسەکانی شەیتان دەگرین وجێ بە جێی دەکەین ، جا بۆیە شەیتان چەندین ڕێگا بەکار دەهێنێنت بۆ بە لا ڕێدا بردنی بەنی ئادەم کەواتە ئێمە لێرە ین لە دونیا بۆ ئاشتی و خۆشی و ڕابواردن لێرەی نین هەموو کات لە شەڕێک و جەنگێکی زۆر قورس داین دژی وەسوسەی شەیتان و نەفسمان بەخوای برایانم هیچ ئیسراحەتێک و دانیشتنێک و خۆشیەکمان نیە ئەگەر بێت و خۆمان لە حەقیقەتە راستیەکە لا نەدەین ، ئینجا ئەوەی دونیای دەوێ دونیای پیرۆزبێ تۆی مسولمان دەبێ بلێی فەرموو پیرۆزت

بێت و تۆش دەبێ پشت بکەی لە دونیا و شەڕەکەت بکەی دژی ئەم دووانە کە شەیتان و نەفسە وەهەروەها ئەم دوانە دەبێ بە باشی بناسی کە کار دەکەن بۆ لە ناو بردنی تۆ و دۆڕاندنی تۆ لە مەیدانی قیامەتدا خوای گەورە هەموو لایەک بپارێزێت لە شەڕی نەفس و شەیتان .

## وەهمی پیرۆز کردن

وەهمی پیرۆز کردن ، مرۆڤ لە ژیانی دا زۆر شتی پیرۆز کردیە کە ئەویش درۆیەکە و لە خەیاڵ دا زیاتر هیچی تر نیە ، وەکو باسمان کرد مرۆڤ لە ژیانی دا کەوتۆتە ناو زۆر لە وەهم و خەیاڵ و شتی درۆینە دا وە جێگای داخە کە زۆریش لێی بێ ئاگاین کە تەنها خەیاڵە و درۆیە کە لە لای خۆی بە پیرۆز و گرینگی دەزانی ، بەڵام ئەگەر بێنە سەر واقعیی ژیانی مرۆڤ کەدەبینین ئەویش وا نیە گرینگ نیە پیرۆز نیە شتەکە مرۆڤ تەنها فێلە لە خۆی کردووە و خۆی خستۆتە ناو خیاڵاتەکی زۆرەوە ئەویش ماندوو بونەک و هەوڵدانێکی زۆری دەوێ کەوا مرۆڤ بتوانێ واز لەو وەهمە پیرۆز کردن و بەگرینگ دانە ساختەییە دا بنێت کە لە ئەسل دا وا نین ، با بە چەندین نموونە باسی بکەین ، کەسێک فلانە لاعیبی تۆپی پێی زۆر پێ پیرۆز و گرینگە لە ژیانی دا هەتا بەو رادەیەیی لەخەویشدا دەی بینێت و دەشی پەرستێ و سوجدەی بۆ دەبات پەنابەخوا زۆر دەبینین ئەها کەسێک رادەکا بۆ لای لاعیبەکەو یاریەکە رادەگرن و لەکاتەدا کابرا سوجدەی بۆ لاعیبەکە دەبات لەناو یاریگادا ئەوە ئەگەرچی لاعیبەکی زۆر چاک بێت خۆ هی خۆی نیە کە چاکە دەبێ بزانین بە مێشکی وادەکات کە چۆن جوڵە بەم تۆپە بکات و چۆن ڕابکات وەگەر نا ئازایەتی خۆی نەفسی خۆی نیە هی جەستەکەیەتی وە ئەمەش خوای تعالی بە بچوک ترین شت دەتوانێ ڕی بگرێت کە وەستانی یەک دەماریەتی یاخود خاو بونەوەی دڵی ئەها چەن ئاسان بو لای خوا بۆیە پیرۆز نیە ئەوە وەهمە و وەهمی پیرۆز کردنە ، نموونەیەکی تر بۆ زیاتر تێگەیشتن تۆ دێی دەڵێی فلان کەس کەسەکی پیرۆزە موبارەکە و پیرۆزە و گرینگە و گەورەیە ، باشە ئەویش مرۆڤ نیە ؟ ئەویش وەکو تۆ نیە ئەویش لاشەکەی خوێن و گۆشت نیە ؟ هەتا ئەگەر بێینە سەر باسی عیبادەتەکانیش ئەو کەسەی کە پیرۆزی دەکەی ئایە بە عیبادەت کردن پێ نەگەیشت وە تۆ بۆ وەکو ئەو ناکەی و خۆت پێ ناگەیەنی و بۆ پیرۆزی دەکەی ئەو کەسانەی خوا خۆشی ویستونە خۆشمان دەوێن و نە نەوەی پێغەمبەر و نە هیچ کەسێک موقەدەس نین و پیرۆزنین جگەلەوەی خوا پیرۆزی کردوە پێغەمبەران و سەحابەکان و دایکانی ئیمانداران و ئەو ئافرەتانەن کە باس کراون لە قورئان و پیاوچاکەکانیش وە نابێ

سوکایەتی وقسەی ناشرین و بێ ئەدەبیان بەرانبەر بکەین وە دەنا باقیەکەی تر من فلان کەسم پێ پیرۆز بێت پیرۆزیەکەشی وەها گەورە بێت بێتە ڕێزی خواو پێغەمبەران و خۆمیان لەسەر بە کوشت بدەم وە پێم وایە ئەوەش بەشەکە لە وەهمی پیرۆزکردن وە شەرت نیە ئەو کەسەی کە پیرۆزی دەکرێ تەنها مرۆڤ بێت بەڵکو جاری وایە کەسێ ناوی عەشیرەتەکەی خۆی پیرۆزە لای یاخود شار و زمانەکەی خۆی لای پیرۆزە ئەوەش وەهمێکی ترە لە پیرۆز کردنی تەنها هەندێک خەیاڵی پووچ و درۆینە هیچی تر نیە مرۆڤ بێ سود خۆیانی پێوە مەشغول کردوە ، وە هەندێک شتی پیرۆز هەن کە پیرۆزن لای مرۆڤێک کە باوەری بەخوا یان بە شتیک هەیە گرینگ نیە شتەکە چیە کە باوەڕی پێیە بەڵام ئەو شتەکەی لەلا پیرۆزە گیانی بۆ فیدا دەکات ، چونکە وا تێدەگات کە ئەو شتەی پیرۆزە لەلای گرینگە دەبێ بمرێ لەبەری شەڕەفە ناموسە ژیانە حەیایە ئاوای تێگەیەنراوە و ئاوا هەست دەکات وە ئەوەی موقەدەسە گرینگە بۆی جا لای گرینگ نیە هەقە یان نا ئەوەیە کێشەکە لێرەدا تۆ دەبێ بزانی چی گرینگە و چی دەپەرستی و ڕێی هەقت دۆزیەوە ئەوکات دەتوانی پیرۆز کردن بکەی وەنابێتە وەهم وە ئەگەر تۆ دینێک خوایەک لات گرینگ و پیرۆز بو ئەوە دەبێ ئەوەش بزانی کە نابێ سوکایەتی بە هیچ دین و خواو پیرۆزی وموقەدەسی بەرانبەر بکەی لەبەر ئەوەی ئەویش دواتر بە هەمان شێوەی جەنابت دەستدەکات بە سوکایەتی و جوێن دا بە موقەدەس و پیرۆزی کانی تۆ جا بۆیە دەبێ بە ئاشتیان و بەبێ کێشە ئەوەی کە خۆت پێت پیرۆزە و گرینگە و حەز ناکەی کەس سوکایەتی پێ بکات موقەدەساتەکانت بشکێنی و بی شێوینت دەبێ بەهەما شێوە ئێوەش وەها بن بۆ بەرانبەر ، وە مرۆڤە گەورەکان منالەکانی خۆیان یان هەتا جاری وایە هی دەوروبەریان لە مندالیەوە فێر دەکات کە تەواو ئەوە پیرۆزە تەنها ئەوە پیرۆزە بۆنموونە شارەکەی نەتەوەکەی خاکەکەی فلان شتەکەی نازانێ شارهەر شارە خاک هەر خاکە ئەوە ئێمەین لە ژێر ئەو ناوانەدا گرینگ و پیرۆزمان کردن دەی خاکی هەولێر و خاکی پاریس هەر خاک نیە ؟ هەردووک ئاوی لێ نیە هەردووک ئایە ناتوانین کشتوکاڵی و کار و کەسابەتی تێدابکەین؟ با ئەوە ئێمەین هەڵساوین کە دەلێین ئەوەندە با فلانە ناوی هەبێ و ئەوەندە فلانە ناوی هەبێ ئێمە خەڵکی فلان وڵات و شار و دێ و شوێنەین ئەها هەر

ناوەکە فەرقە هیچ پیرۆز نین وە لە لای ئێمەی مسوڵمان ئەو خاک وشار و شوێنەی کە خوا پیرۆزی کردوە ئەوە پیرۆزە لەلایەن ئیلاهـ پیرۆز کراوە هەندێک شوێن و شت ئەوە جیایە بە دەست ئێمە نیە فەرقە وە پیرۆز کردن موبارەک کردن و پیرۆز و بە گرینگ دانان گرینگی خۆی هەیە لە کۆنەوە لەلای مرۆڤەکانەوە پیرۆز و گرینگی دان بە شتێک و پیرۆزکردن مێژووەکەی زۆر کۆنە ئەمن پێم وایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر ئادەم و ئیبلیس ، چونکە ئیبلیس خۆی پێ پیرۆز تر بو لە ئادەم یانی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە وە با پیرۆز کردنی وەهمی و درۆینە بزانین چی لە ئیبلیس کرد کە وتی من لە ئاگر وە ئادەم لە خۆڵە من گرینگ ترم و پیرۆز ترم جی لێهات؟ ئەوە بو کە خوا لە رەحمی خۆی بێ بەری کرد و بە نەفەرەتی کرد هەتا ڕۆژی قیامەت وە مەسیریشی جەهەنەمە هەتا هەتایە ، بۆیە وەهم زۆر بەڵایە ئێمە هەستی پێ ناکەین زۆر وە بەداخەوە . وەبا بیریشمان نەچێت مرۆڤ پیرۆز ترە لە لای خوای گەورە لە هەموو مەخلوقەکانی تری ، پیرۆز کردن هەیە بەڵام نابێ لە عەد و سنوری خۆی دەرنەچێ و زێدە ڕەوی تێدا نەکرێت و تەشبیهات نەبێ ئەوەنە شتەکە پیرۆز بکرێ بهێتە ئاستی خوای گەورە یاخود وات لێ بکات یادی خوا لەبیر بباتەوە و لە خواو پێغەمبەر شتەکەت لا پیرۆز تر و گرینگ تر بێ وەهەروەها ئەگەر وەها نەبو کێشەی نیە ان شاءالله وەدەبێ بزانین زۆر شتیش هەیە لە دونیادا لای ئێمەی مسولمان پیرۆزە لە لامان وە بە فەرمانی خوا و پێغەمبەرە ئەگەرنا هیچ شتێکی وەها نیە ، هیوادارم خوای گەورە هەموو لایەک بپارێزێ لەو هەموو وەهمە وە با ئێمەش هەموو هەوڵی خۆمان بدەین کەوا خۆمان لەو وەهمە بێ سودانە و نا موقەدەسانە بپارێزین کە زیانی بۆ دین و ئیمانمان هەیە و بەئاگا بێینەوە لەو وەهم و خەیاڵە درۆینانە .

# وەهمی پارە

ئێمەی مرۆڤ لە دونیادا شتەکانمان کاتێک دەگۆڕینەوە شت بە شت نیە بەڵام شت بە پارەیە ، مێژووی پارە راستە زۆر کۆنە بەڵام هەر چۆنێک بێت گرینگ نیە چونکە مرۆڤ پارەی دروست کردووە وە مرۆڤ لەسەر ئەوە ڕێک دەکەوێ کە ئەو شتەی هەمە بە پارە بت دەمێ و بە چەند بێ بە بڕێک پارە دەی فرسێنێت ، سەرەتا جۆری پارەکان ئاسن بون بەتێپەڕ بونی کات و گەشە کردنی توانای مرۆڤەکان ئەوەش گۆڕدرا لەبەر بونی تەزویر و فێڵ و ئەو جۆرە بابەتانە ئێستا کە بۆتە کاغەزیش فێڵ و تەزویر و دەکرێ دەکەن بۆ دەوڵەمەند بون و دەسکەوتی بڕێک لە پارە ، وەهەروەها ئێستا دونیا زۆرتریش پێش کەوتوە بۆتە بە دراوی ئەلیکترۆنی تەنها ژمارە نوسینێک دەبینی ئەوە دڵنیای کە پارەت هەیە لەسەر حیساب بانکیەکەت کە لە ڕێگای مۆبایل یان کۆمپیتەرەکە دەزانی چەندت هەیە و چەنت نیە ، وەهەروەها مرۆڤەکان بۆ دەست کەوتنی پارە دوو چۆر ڕێگا بەکار دەهێنن ، حەڵال و حەرام ڕێگای فێڵ و ڕێگای ئاسای ، وە بە ئیعتیبار و نەزەری ئێمە لە قیامەت دا پارە دەمانبات بۆ بەهەشت و دەمان بات بۆ دۆزەخ ، با بە دوو نموونەی جیاواز ڕوونی بکەینەوە ، کەسێک پارەی زۆری هەیە لە ڕێگای بازرگانی و کاری کڕین و فرۆشت پارە سامانی زۆری دەست کەوتوە و زەکاتی لێدەدات و خێر و چاکە و حەسەناتی زۆری پێ دەکات و وادەکات کە بەهەشتی بۆ خۆی بکڕێت ئەوە ئەو کەسەیە کە بەهەشتی بۆخۆی پێ دەکرێت ، وەهەروەها کەسێک کە پارە و سامانەکەی تەنها دزی و کاری خراپە و فێڵ و قومار و ڕیبا دا دەستی کەوتوە لە خراپەش نەبێلە هیچی تر دا بەکاری ناهێنت ئەوە دەرگای دۆزەخی بە ڕووی خۆی دا دەکاتەوە خوای گەورە پەنامان بدات ، جا ئێمەی مسوڵمان دەبێ بیر بکەینەوە کە ئەو پارە و مال و سامانەی هەمانە لە کامە ڕێگادا دەستمان دەکەوێ و چۆن دەستمان دەکەوێ ئایە دۆزەخ دەکرین یان بەهەشت بەم پارەیە ، وە بەراستی لەم سەردەمەی ئێستادا پارە زۆر لە رۆح و هەستی مرۆڤەکان بەقیمەت تر بوە بیر کردنەوەی مرۆڤەکان زۆر گۆڕاوە بە بۆ نەزەری پارە وە کاتێک سەیری مرۆڤەکانی دەورووبەرمان دەکەین هەموو شتیکیان لا بۆتە پارە یانی وای لێهاتوە فێڵ دەکات خیانەت دەکات کوشتنی

مرۆڤ دەکا خۆی بچوک دەکاتەوە بۆ پارە وە حەیا و شەخسیاتی خۆی لا گرینگ نیە تەنها دەیەوێ دوو دیناری زیاتر کۆ بکاتەوە و خیانەت لە ئیش و کارەکەی دەکات بۆ دەست کەوتنی پارەی زیاتر ، کەچی قەت فکر ناکاتەوە کە لەدایک بو بەبێ پارە و هیچ شتیک هاتە دونیا وە کە مردیش بەبێ یەک دنیا دەچێتە ژێر ئەم خاکەی لە سەریەتی وە هەتا تەمەنی بالغ بون پشتی بەخواو باوک و دایکی قایم بو وە کە گەنجیش بو خۆی هەوڵی پەیا کردنیدا جا پیاو ئەو پیاوەیە بەحەڵال پەیای بکات و بەهەشتی خوای پێ بکڕێت ، وە زۆر سەیرە کە کوڕە دەێتە داخوازی لەم سەدەمە مالی کچە جارێ زوو دەلێن چەنت هەیە و چی بۆ کچەکەمان دەکەی وەکو بلێی کچەکیان بە بڕێ پارە ئەفرۆشن ، وە کە پارەت هەبو لە سەدەمی ئێستادا پیاوی گەر چی پیاویش نەبی ئاغای گەرچی ئاغاش نەبی ڕێزت هەیە گەرچی بێ ڕێزترینیش بیت ، خەڵکی زۆر گۆڕاون هیچ بیر و هۆشیان نەماوە نازانن هەست و شعور و مرۆڤایەتی زۆر گەورەترە ، پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت ئەگەر دونیا بەقەد باڵێ مێشێک قیمەتی هەبوایە هەرگیز خوای گەورە نەی دەدا بە کافرەکان کەچی ئێستاش دەبینی دەولەمەندەکانی جیهان زۆر بەی کافرن و غیرە مسولمانن ، بەڕاستی پارە ئەوەنیە کە ئێمەبیری لێ دەکەینەوە گرینگەبەس هەتا حەدێک گرینگە ڕێگاکەی کە دەستمان دەکەوێت چۆنە وچۆن نیە پارە هەیە نیعمەتە و هەیە نیقمەتە دەبێ بیر بکەینەوە کە ئایە هی ئێمە کامەیانە ، خۆ مسولمان هەبێ باشترە لەوەی نەی بێت و چاوی لە دەستی ئەم و ئەو بێت وە ئەوەشی نیەتی باشوکر بێت نا شوکری نەکات سەبر بگرێ و دوعا زۆر بکات و شەوانەش سورەتی واقیعە بخوێنت بۆ دەولەمەند بون باشە پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت ، وە ئەی هەژار بە جیاوازیەکی زۆر پێش دەوڵەمەندەکان دەچیتە بەهەشتەوە و حەشر و حیسابت زووتر لەگەل دەکرێ لەوەی لەگەل دەولە مەندێک بکرێت ، پێغەمبەری خوا هەژار بوە بە چەندین مانگ ئاگرێک نەکراوەتەوە بۆ گەرم کردنەوەی و کوڵاندنی چێشت ، گەر بیر بکەینەوە و بچینە ناو واقیعەکە دەبینین بێ پارەیی و فەقیری زۆر خۆشتر و مورتاح تری کێشەت کەم ترە ناچی بۆ هەموو شوێنک گوناحت کەم ترە و قسە لەگەل هەموو کەسێک ، گوناحت کەمترە سەلامەت و مێشک ئیسراحەت ترە بەس بای ئەوەت هەبێ کە چاوت لە دەستی کەس نەبێ و موحتاجی کەس نەبی

زۆرگرینگە وە وا چاکە خوای گەورە هەموو لایەک بپارێزێ لە شەڕی پارە.

## خۆ ئامادەکردن بۆ مانگی ڕەمەزان

رەمەزان مانگێکە بۆ خۆ خاوێن کردنەوە لە گوناح هەلێکە بۆ تاوان باران کە تاوانەکانیان پاک بکەنەوە

هەڵێکە بۆ خۆ  یەک لای کردنەوە بۆ خوا ، مانگێکە بۆ تەرک کردنی زۆر لە گوناحەکان بۆنموونە جگارە و درۆ و شەڕ و جوێن و ......هتد ڕەمەزان دابەزینی رەحمەتی خوایە بەسەر  بەندەکانی مانگێکی پیرۆزە با لە دەستی خۆمانی نەدەین ، زۆر بەی شتەکان فەرامۆش بکەین لەو مانگە کە کاتمان بە بێ هۆ و بێ ئیسفادە لێ دەبا با هەموو کاتمان تەرخان بکەین بۆ نوێژ و قورئان خویندن و عیبادەت کردن لە پێناوی خوا ، با لەم مانگە دا وا بکەین ڕەزامەندی خوا بە دەست بهینین ، با زۆر شت لەخۆمان دوور بخەینەوە لەم مانگە وەکو موبایل و ئینتەرنێت و هاورێی خراپ و شتی خراپ بەگشتی کە زیانی هەیە و هۆکاری خراپ بونمانە لە هەموو ڕوویەکەوە ، ئێمەی مسولمان کاتێک کەسێکی نزیکمان تەلەفونمان بۆ دەکات کە دەلێت لەمالەوەی وا دێم بۆ سەردانیت ئێمە زۆر بەپەرۆشەوە دەچینە بازار هەرچی خوارد و پێداویستی کامڵ دەکرین و جلێکی جوان و بۆنێکی خۆش لەخۆمان دەدەین  لەمالەکەمان و ئەها ئامادەکاریەکی زۆر باش و ڕێک و جوان دەکەین ، بەس کاتێک دە بۆ بیست ڕۆژ ماوە هەرگیز ئەو ئامادەکاریە ناکەین بۆ مانگی رەمەزان لە پێش ڕەمەزاندا باسی خواردن ناکەم باسی تەرک کردنی هەندێک لە سیفەتی ناشرین و خراپ دەکەم کە زۆر پێویستە لەو تاوانە بچوکانەش خۆمان بپارێزین کە پێش ڕەمەزان گوێمان پێ نە دەدا ئێستا کە نزیک ڕەمەزانە دەبێ تەرکی بکەین ، وەهەروەها ئەو هاوڕێ و کەسە خراپانەی لێمان نزیکن یاخود کەسێک هەیە نزیکەلێمان هەر بیبی بە دەستە خۆت نیە توشی گوناهـ دەکات چ غەیبەت بێ چ درۆ و بخوتان بێ هەرچی بێ زۆر زۆر پێویستە خۆمان لەو جۆرە کەسانەش بپارێزین و کەشێک و جەوێکی هادی لەم مانگە بۆخۆمان درووست بکەین ، بۆ ئەوەی بتوانین بەجوانترین شێوەلە خزمەت ئم مانگە پیرۆزە دا بین و ئەم هەلە گەورەیە بقۆزینەوە و لێخۆش بونی خوای گەورە بە دەست بهێنین و جەژنەکەمان بەڕاستی جەژن بێت نەک تەنها بەناو ئەنجام دانی ئەم بۆنەیە بێت ، وە بۆ پاش ڕەمەزانیش بەردەوام بین لەسەر ئەم کارە

چاکانەی کە لە ڕەمەزاندا لەسەری بوین و فەلسەفەی ڕەمەزان وایە دەبێ بە کردار وات لێ بکات هەست بە مراقەبەی الله تعالی بکەیت و بزانی کە مەبەستی چیە بۆ ڕۆژی دەگرین ، بۆ خۆ پاراستنە لە گوناح و تاوان ، ڕەمەزان وەکو فلتەرێکە بۆ خۆ پاک کردنەوە لە سیفاتی خراپ و شتی نابەجێ و کارێک کە خوا پێی خۆش نیە وە بەردەوام بونە لەسەر کاری باشە و چاکە ، دور کەوتنەوەشە لە کاری خراپە بەهەموو جۆرێک نەهێلی دوای ڕەمەزان بچیتەوە سەر تاوان و خراپەکانی پێشوتر .

یارەبی خوای گەورە لەخێر و بێری ڕەمەزان بێ بەشمان نەکات .

# وەهمی ئینتەرنێت

جیهانی ئێمەی مرۆڤ بەر لە هاتنی ئینتەرنێت زۆر سادە بوو ،وە بەراستی کۆمەڵگای ئێمەی کورد هیچ ئامادەکاری و ڕێنمایەکی نەبوە بۆ ئەو کەسانەی کەئینتەرنێتبەکار دەهینن ، وە هیچ فلتەرێکی وەها نیە بۆ ڕێکخستنەوە و شێوازی بەکار هێنانی ئینتەرنێت و مامەڵەکردن لەگەل ئەم سەردەمەی ئینتەرنێتە کە هاتە ناو کۆمەڵگای کوردیەوە ، ئینتەرنێت وەهەمە خەیاڵە واقع نیە ناتوانرێت دەستی لێ بدەین تەنها بەچاو دەبیندرێت و هەستی پێ دەکەین وە بەراستی نیعمەتی خوای گەورەی گەر هاتو بۆکاری باشە بەکاری بهێنین بەس بیر بکەوە کابرا لە ئەوروپایە قسە لەگەل کەسێک دەکات لە عێراقە لە کوردستانە ئەوەش نیعمەتێکە کە خوا لەگەل ئێمەی کردووە بەس بۆ ئینتەرنێت بەگشتی دوو جۆرە لایەنی هەیە لایەنی باشە و خراپەی هەیە ئینتەرنێت وەکو پەرداخێک وایە دەتوانی ئاوی پێ بخۆیتەوە بۆ ڕۆژ و تێنویەتی شکاندنت وە دەتوانی مەشرووبی پێ بخۆی بۆ خۆسەر خۆش کردن و بێ هۆش کردن ، ئینتەرنێتیش وەهایە بە دەستی خۆمانە کە چۆن بەکاری بهێنین بۆ لایەنی باشەی بەکار دەهێنین یاخود بۆ لایەنی خراپە ، وە دەبێ بزانین بەهۆی ئینتەرنێتەوە هەزاران کار ئاسانی بۆ ژیانی مرۆڤ کراوە لە ڕێگای ئینتەرنێت بمانەوێ و نەمانەوە تازە ئینتەرنێت دەستی بەسەر هەموو جومگە هەستیارەکانی ژیانی دا گرتوە وەکو لایەنی بازرگانی و فێربوونی زانست و نەخۆشی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی وە هەموو لایەن و بەشەکانی تریش ، من باسی جۆری بەکار هێنانی ئینتەرنیت دەکەم لە ناو کۆمەڵگای کوردی بە گشتی هەیە بۆ باشەی بەکاری دەهێنێت هەشە بۆ لایەنی خراپە ، جا با بێین لێک دانەوەیەکی وردی بۆ بکەین و تۆزێ لە شتەکان ورد بینەوە بزانین لەم ورد بوونەوەمان چۆن تێدەگەین کەوا ئینتەرنێت لە کۆمەڵگای ئێمە بەسەقەت وەرەگیرێت و بەکار نەهێندرێت بۆ زۆر لەکەسەکان باشترە هەم بۆ کەسەکە و هەم بۆ کۆمەڵگاش ، وە هەندێک لە زانایان دەفەرموو ئینتەرنێت دەستی جولەکەی تیایە بۆ مەشغوڵ و غافڵ کردنی هەموو مرۆڤایەتی لە واقعی ژیاندا ،وە منیش تا حەدێک لەگەل ئەمم ، بەداخەوە بەراستی وا وای لێهاتوە دەچیە میووانی سەرلەسەر مووبایلە و ئینتەرنێت بەکار دەهێنێت ، دەچیە بازار و دوکان

و شوێنەگشتیەکان و ناو سەیارە و گشت شوێنەکان هەر کەسێک دەبینی سەرەی لەسەر مووبایلە و خەریکی بە کار هێنانی ئینتەرنێتە وە گەر بیر بکەینەوە دەبینین هەمووان بەم ئینتەرنێتە هەزاران کەس ژیانیان فەوتا لەسەر لایک و کۆمێنتێک و پۆستێکی فیسبووک کە دژ بە دەسەڵات و کەسێک و گروپ و لایەنێک کردوویەتی و گیراوە و کوژراوە و هەڕەشەی لەسەر بوە ، وە سەیری پۆستیەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بکەین زۆر بەی هەرە زۆری سوکایەتی و قسەی قۆڕ و شتی بێمانا و هیچە کەم هەیە زانیاری و شتی بە سود بێت ، وە بێین باسی کەسەکان بکەین کە لەسەر هێلی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەیان ناسین زۆرەبی هەرە زۆری دوو ڕوون ئەو کەسە نین کە دەیان ناسین و دەیان بینین وە کە پۆستێک دەکەن خەلکی هەست بە موراقەبەی خواو عەبدەکان دەکەن وە زۆربەیش کە دەچیتە چاتی تایبەتیان فەزاعەتەکانیان ببینی بەڕاستی قێزت لە ئینتەرنێت و خەڵکی ئا لەو جۆرەش دەبێتەوە ، وە با زۆر بێ ئینسافیش نەبین وە کەسانی وا هەیە کە دەیان بینین و دەیان ناسین لە ڕێگای ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ئەو جۆرە کەسانی وا باش بەراستی لە واقعی ژیانی خۆماندا کەم کەسی وا باش هەیە دەیانناسین و بونیان نیە لە ژیانمان دا بەڵام پێم وایە ٢٠٪تێپەڕ ناکات ئەو جۆرەکەسانە ئەوەش هەتا لەو ٪٢٠دان بینینەوە و دڵنیا دەبین کە باشن زۆری دەوێ وە توشی هەزار خراپە دەبین و هەزار کێشەمان بۆ درووست دەبێ تاوەکو کەسێکی باش دەناسی هەزار کەسی خراپە دەبین بەراستی ئەوەش خراپە کە تۆ تا کەسێکی باش بناسی هەزار کەسی خراپ بناسی مادەم لێی دوور بکەویتەوە زۆر باشترە بۆت ، بابێین تۆزێک بیر لە ژیانی بێ ئینتەرنێتی بکەینەوە بۆزانین چۆنەو وە بەراوردی بکەین بە ژیانی ئینتەرنێتدار ، کەسێک کە ئینتەرنێت بەکار ناهێنیت ژیانێکی هەیە کە دوورە لە هەموو هەواڵێکی درۆینە و شتی بێ ئیسفادە وە هەموو قسەیەکی بێ سود و ئیسفادە وە کاتی زۆری دەبێ بۆ زکر و یادی خوای گەورە و دەتوانێ کات تەرخان بکات بۆ کتێب خوێندنەوە سەفەر و منالەکانی عائیلەی خۆی هەزاران کاری تر کە سوودی هەبێ ژیانی خۆی و کۆمەگاش وەچەندین شتی تر و نموونەی تر هەن لەلای خۆتانەوە کە من تەنها ئاماژەم بەوەندە کردووە ، وەهەروەها بێین باسی کەسێک بکەین کە ئینتەرنێتی هەمووکات بەکار دەهێنیت ،

هەموو کات مەشغولە وە هەستەکات شتێکی ون کردووە کە خەت و
شەحنی نیە یاخود شەبەکەی موبایلی نەبێ ئاگای لە کەس نیە ژیانێکی پڕ
لە مەشغولی بە شتێکی هیچەوە کە سودێکی نیە بۆی لەهەموو مەجلیسێک
و شوێنێک هەر سەیری لەسەر مووبایلەکەیەتی بزانێ کێ لایکی بۆ
کردووە و کێ چی کردووە و هەواڵ چی هەیە و  ئینجا بێین توشی
کێشەی زۆر دەبێ جا بەهۆی لایکێک یاخود کۆمێنتێک پۆستێکی
تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ، وە خۆی زۆر بە سەیری موودمینی ئەو
مۆبایلەکات و ئینجا شەیتانیش توشی هەزار کێشە و مەشاکیل دەکات
بەهۆی ئەو مۆبایل و ئینتەرنێتەوە ، جا وای لێدەکات کاتی نەبێ بۆ زکر
و یادی خوا و سەردانی و بۆخۆی و ماڵ و خێزان عائیلەی بۆ کتێب
خوێندنەوە وەرگرتنی زانست و زانیاری وە دائیمەن کەسێکی فاشل و
کەسێکی کەوتوە لەوەی بەدوای ئامانجەکانی دا ڕابکات وە بەدەستیان
بهێنێت ، وەکو لە پێشو تر دا باسمان کرد ئینتەرنێت ئامانجێکی لە پشتە و
بۆ مەشغوڵ کردن و لەناو بردنی تواناکانی گەنجان ، وە بەس زەلەری
نیەبۆ تاکی کورد  سودی هەیە وەکو گوتمان بەڵام پەرداخێک ئاوێک
نیوەی پیس بێت و نیوەی خاوێن بێت کەس نای خواتەوە چونکە بەکەڵکی
خواردنەوە نایەت و ناچاری دوور بکەویتەوە لێی و فڕێی بدەی
ئینتەرنێتیش چەندە سودی هەیەو پێویستمان پێبێت بەڵام لێی دوور
بکەوینەوە باشترە ئاگرێکە خەتەرە دەستی لێدەین ڕاستە ڕووناکی
ئەبەخشێ و گەرمیشی هەیە ، شەیتان وەسوەسەی زۆرە لە بچوکترین
وەسوەسەی شەیتان ئەوەیە سودی هەیە و علمی لێ وەر دەگرم واو وا
کۆمەڵێ وەسوەسە و فێڵی تری شەیتان ، وە حیلاچ چیە بۆ ئەو کەسانەی
دەیانەوێ دور بکەونەوە یاخود بەشێوازی درووست بەکاری بهێنن و بێ
زیاد بێت لە کات کوشتن و کۆمەلێک شتی تر دوور بن ، ە با چەن
شتێکی لە پێش چاوی بێت زۆر کەم کارتی ئەنتەرنێت پڕ بکاتەوە زۆر
فکری نەهێنێتە سەر ئەنتەرنێت وخەت وتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەروەها
خۆی مەشغول بکات بە شتی بە سود وەهەوڵ بدات کاتی بەتاڵی نەبێ بۆ
ئەوەی یەکسەر موبایل دەر بهێنێت و خەت بکاتەوە و سەیری بکات وە
گە بەکاریشی دەهێنی ڕۆژانە چارەگێ نیو سەعات دیاری بکات لەکامڵ
ڕۆژەکە کە تەنها خەریکی ئینتەرنێت و کارەکەی و علم شتەکەی بێت
بەسە وە

چەندین ڕێگای تریش هەیە بۆ ئەوەی بە ئاسانی دوور بکەوینەوە من تەنها ئاماژەم بەوەندە کرد ،وە ئەگەر هەر بەکاریشی دەهێنی چەندین یاسا و ڕێسای تایبەت دیاری بکە بۆ بەکار هێنانی ئینتەرنێت بۆ خۆت بۆ ئەوەی دوور بیت لە کێشە و کات کوشتن و کۆمەلێ شتی تر وە بۆ کاری باشە و چاکە دەعوە و خێر و بڵاو کردنەوەی ئایەتێ فەرموودیەک بەکاری بهێنی زۆر باشە و چاکە دەکەی ، وە یارەبی خوایە وامان لێ بکەی بۆ کاری باشە بەکاری بهێنین و دوور بین لە شەڕی ئینتەرنێت.

# وەهمەکانی ژیانی مرۆڤ

باشە مرۆڤ بۆچی لە ناو ئەو هەموو وەهمەیدا ئەژیت؟ ئەزانی چوار دەورەمان هەمووی وەهمە بۆچی ئێمە لێی تێناگەین مرۆڤ دوو بونی هەیە یان ئێمە دوانین یەک ناوەکین دوو دەرەکی ، خۆی لە ئەسل دا ناوەکی گرینگ ترە وە بونی میکانیکی زۆر خراپە و کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە و سەبەبی هەموو وەهمەکانی ژیانە و ناسراوە بە شتەساختەکانی ژیانە ، بۆ نموونە: ئەگەر تۆ ئێسکی پەنجەکانت نەبێ چۆن دەتوانی ئەلقەیەکی زێڕ و زیو ئەلماس لە پەنچە بکەی بۆ ئەوەی دەرەوەت جوان دەر بکەوێ لە کەسێکی تر ؟ وەهمەکە و درۆیەکە لێرەیە باتۆ پاشا بی تاجی زێڕی پاشایەتی لەسەر بکەی و خاوەن هەموو بڕیار و شتێک بیت پاشان بۆچی من دەبێ خۆزگە بەتۆ بخوازم و خزمەتی تۆ بکەم و خۆم لەتۆ نزیکبکەمەوە و کار بۆتۆ بکەم تاوەکو تۆ جسمی دەرەوەت جوان دەر بکەوێ کە پاشای لە کاتێکدا هەردووکمان مرۆڤین و دوو چاو دوو گوێ و دوو دەست و قاچمان هەیە هیچ فەرقێکمان نیە بۆچی دەبێ من وا بم ؟ باتۆ پاشا بی و جەرگ و ناو گۆشت بخۆی با من نان و تەماتەیەک بخۆم خۆ لە کۆتای دا هەردوومان دەی کەینە پاشە ڕۆ ئەوەیە وەهمێکە تەنها بۆ ئەوەمانە لە پێش چاوی کەسێک بلێین ئەها ئێمە جەرگ و ناومان خواردووە تۆ نای خۆی نیتە ؟ ئایە ئەوە درۆ و وەهم نیە ؟ باتۆ چاوت سەوز بی یان زەرد بی یان هەر چۆرێک بێ خۆ ئێمە خۆمان دروستمان نەکردووە خۆمان بە دەستمان نەخستوە وە گرینگ لە کۆتایەکەی هەردووکمان دەی بینین و وەکو یەک تر ، یان سەعاتی زێڕت لە دەست بێت با هی من لاستیک بێ خۆیلە ئەسل دا تەنها ئەوە گرینگە کە سەیری بکەی و بزانی کاتژمێر چەندە !یانی نازانم بۆچی ناخ گرینگی پێ نا درێ لە ئێستا بەڵکو شتێکی درۆ وەهم گرینگی زیاتر پێ دەدرێت لە ناو ئێمەی مرۆڤ دا؟ بۆنموونە تۆ خانویەکی خۆش و سەیارەیەکی باشت پێیە من نیتم بۆچی دەبێ تۆ لە من زیاتر ڕێزدار تر بی لە ناو خەلکی خۆ ئەو پارە وخانو سەیارە بە پارە کڕدراوی پارە دروست کراوی مرۆڤەکانە کەچی لە مرۆڤ بەقیمەت تر کراوە ، ئاخر توخوا ئەوە کەی ڕاستە مرۆڤ بۆئاوا بێ ئاگا و بێ فکر بوە لە خۆی و ژیانی و دەوروبەری ، ژن ئەو ژنە بۆ دەبێ بە قیمەت تر بێ کە

ڕوومەتی تۆزێ بەرز ترە و سپی پێستە و لێوی ئەستورە و .....هتد
ژنێکی ئاسای و تەبیعی ڕەنگ ئەسمەر بێ زێڕ و شت بۆ دەبێ رێزی
نەبێ گرینگ نەبێ کەس خۆشی نەوێ ئاخر ئەمە هەموو بێ بیر کردنەوە
مرۆڤەکان نیە ؟ با بێین بیر بکەینەوە خۆ ئێمە تۆزی ئەقلمان هەبێ زیاتر
بیر بکەینەوە دەبینین زێڕ و ئەڵماسیش زۆر بێ بەهان ئەوە من و تۆ
ڕێک کەوتوین کە لە ئاسن و تەنەکە بە قیمەتر بێت دەنا ئەگەر بێینە سەر
راستیەکە دەبینین ئاسن زۆر لە زێڕ بەهێز تر و پتەوترە ، هەر بگرە لە
جل و بەرگمان تۆ چاکەتێکی فلان مارکەت لەبەرە بۆ دەبێ لەسەری
مەجلیس بیت منیش جلێکی شڕم لەبەرە بۆ دەبێ لە خوارەوە بم ، یاخود
کوری فلان کەسی دەبێ لەمن گرینگ تر و زیاتر دیار بی لە ناو خەڵکی
؟ ئاخر ئەوە بێ بەها کردنی مرۆڤ نیە ؟ ئاخر ئەوە وەهمی مرۆڤ نیە ؟
کەوا شانازی بەشتێک بکەین کەوا لە منە دەرەکیەکەیە نەک ناوەکیەکە
هەروەکو گوتمان کەوا دەرەکیەکەش هیچ گرینگیەکی وەهای نیە ، وەهەر
لە کۆنەوە لەسەر دەمی پێغەمبەر ئادەمەوە هەتاوەکو پێش سەدەی بیستەم
دەرەکیەکە گرینگیەکی وەهای نەبو کوا جلەکانی پێغەمبەران یان
سەحابەیە گیرفانی هەبوە کوا فێلای و شوقە و خانی خۆشیان هەبوە نەیان
دەزانی دروست بکەین ؟خوا نەدەتوانی یارمەتیان بدات و پێیان
ڕابگەیەنێ بە مەلائیکەتێک کە ئاواو ئاوا بکەن ئاوا سەیارە درووست
دەبێ فێلاو شوقە وفلانە شت دروست دەبێ یان ج ؟ خوای گەورە لە زۆر
لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا ئەوەمان پێ دەڵێت کە تەنها ناخ و دڵ
بەلاوە گرینگە هەرگیز نەی گوتوە تۆ ئەی دەولەمەندە دەت بەمە بەهەشت
چونکە دەولەمەندی یاخود ئەی هەژار تۆ دەچیە جەهەنەم لەبەر ئەوەی
هەژاری نا بەڵکو بێین بیر بکەینەوە ئەوانەی دەولەمەندترن زۆر تاخیر
تر دەچنە بەهەشتەوە وە لێپێچینەوەیان زیاتریان لەگەل دەکرێ ، وە ئێمە
بیر ناکەینەوە بۆتاقی کردنەوە و امتعان هاتوینەتە دونیا و دوایە دەبێ زوو
دونیا جێ بهێلن و بگەڕێینەوە بۆ قیامەت لەوێ دەرەکەوێ کە شایستەی
بەهەشتین یان خۆ ئێمەی مرۆڤ دەبێ هەمووکات ئەوەمان لە پێش چاو
بێ کە ئێمە ئەو دونیایە جێ دەهێلین ، گرینگ ترین مرۆڤەکان و
دەولەمەنترین مرۆڤەکان و پاشان دەسەلات دارەکان هەموویان مردن
ئاسەواریان نەماوە لە دونیا ئێمەش هەرچەند ئاوا بی وەکو دەولەمەندەکان
و بە دەسەلات بین هەر جێیی دەهێلین ئینجا ئێمە هەوڵ و ماندوو بونەمان

بۆچیه؟ خۆ بەگەورە زانین و موهیم تر و گرینگ تر بۆچی ؟ خۆی لە ڕاستی دا هەموویەکسانین ئەوەی گرینگە ناخمانە کە فەرمانی چیمان پێ دەکات بۆیە با ئێمە ئاقل بین و بیر لەو وەهەمانە بکەینەوە و خۆمان لەو وەهمانە ڕزگار بکەین و کەسێکی کۆیلە نەبین و تەنها بە دوای شتێکی وەهما و درۆ و خەیاڵ دا بکەوین ، وە زۆر شتی تر وەهمن لە ژیانی ئێمەدا پێویستە خۆمانی لێ بە دوور بگرین هیوادارم بیر بکەیتەوە و بەهەموو تواناتەوە لەو وەهمانە ڕابکەی و لە واقیع و ژیان دا بژیت وە ناخی خۆت پێ بگەیەنە و گرینگی بەو شتانە بدە کە دەمێنێتەوە نەک وەهمێکی بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بێت .

# ناسینی خوێندنەوە

بەناوی ئەو خوای فێربوونی زانست ئاسان دەکات بۆ مرۆڤەکان . کورتە باسێک لە خۆشەویست کردنی خوێندنەوە لای خوێنەر : بۆ ئاسان کردن و خۆشەویست کردنی خوێندنەوە لەلامان پێویستمان بە هەندێک ئامۆژگاری سایکۆلۆجی هەیە ، هەموو خوێندنێکیش پێویستی بە دوو شتە کە هاندەرە و زیرەک بونە . هاندەر واتای خۆشی یەک کە حەزی مرۆڤ بورژێنێت بۆ خویندن ، ئەمەش وەک حەز کردنە لە خوارد ئێمە تا برسیمان نەبێ حەز بە خواردن ناکەین و بۆمان ناخورێ گەرچی گەدەشمان بێ کێشە بێت ، ئەگەر نەخۆش کەوتین یان تورەبین یان دڵتەنگ بوین ئەوا حەزی خواردنمان نامێنێت گەرچی ساخ و سەلامەتیش بین ، خوێندنیش بە هەمان شێوەیە گەر زیرەکیش بین وە بە باشی بتوانین تێبگەین بەڵام ئارەزومان لێ نەبێ هەرگیز ناتوانین بە باشی زەبت و ڕەبتی بکەین ، بەهەزاران کەسیش هەیە زیرەکیشن بەڵام هاندانی خوێندنەوەیان نیە کە پاڵیان پێوە بنێت بۆ خوێندنەوە و گۆڕان لە ژیانی تایبەتیان ، فێر بون و خویندنەوەش شتێکی کەمتر نیە لە بیر و ڕای ئاین چونکە : ئاینیش هاندەریکە بۆ گۆڕان لە خراپ بۆباش و لە باش بۆ باشترین لە ژیانی تایبەتی دا جا بۆیە خویندنەوەش وامان لێدەکات لە گێل و گەوجێک بۆ کەسایەتیەکی زیرەک و تێگەیشت و کارامە بگۆڕێین بەهۆی خوێندنەوە . جا با بە نموونەیەکی باشترڕوونی بکەمەوە بۆتان : لە هەموو وڵاتەکانی بەژدار بو لە جەنگی جیهانی دووەم گەنجەکان بران بۆ جەنگ ، باوکەکانیان خوێندەواریان نەبو بۆ ئەوەی نامە بۆ کورەکەیان بنوسن و یاخود کە نامەیان بۆ هات بی خوێنەوە لەو کاتەدا بە ناچاری باوکەکان خۆیان فێری خویندنەوە کرد بۆ ئەوەی نامە بۆ کوڕەکەیان بنوسن کە لە جەنگە و یاخود کەنامەی کورەکەیان بۆهات بتوانن بخوێنەوە ، وە دەڵێ لەماوەی چەن هەفتەیەک زۆر بەئاسانی فێری نوسین و خویندنەوە بوون چونکە : بەراستی پاڵنەرێکی زۆر بەهێزیان هەبوو وە بەمەش بۆمان دەر دەکەوێ کە بەراستی هەر تاکێک لە ئێمە کە حەزی خوێندنەوەمان نامێنێت لە ماوەیەکی زۆر کوورت دا ئەوەش هۆکاری سەرەکیە کە پاڵنەرێکی بەهێزمان نیە و هیچ ئامانجێکی وەها گرینگمان نیە لە خویندنەوە ، وە دەری دەخا کە مرۆڤ نائارام و دڵەڕاوکێی توش

بووه تاقەتی خوێندنەوەی نامێنێت گەرچی کاتی زۆر وبەتاڵی زۆر هەن
چونکە: هاندەری خوێندنەوەی کەمە وە ئەوەی بیەوێ بخوێنێتەوە دەبێ
سەرەتا هاندەرێکی بەهێز لەدەروون و ناخی خۆی دا دروست بکات ،
ئەمەش بە دەست نیشان کردنی ئامانجەکان وە دەبێ بەتەنیا دابنیشێت لە
خۆیدا ئایە بۆچی دەژیت؟ ئاخۆ 70بۆ80سال دەژی یان نا ، بەبێ ئامانج
و خەبەر لەو دونیایەدا چۆن دەکرێ هەموو ئەم تەمەنە بەخۆڕای بەسەر
ببەیت و بە فیڕۆی بدەی بی ئەوەی یەک سود بە خۆت و دەورو بەر و
خەڵکی بگەیەنێت ، ئەگەر بێ سود بژی بەراستی ئەمە ژیانێکی ئاژەڵیە
ئاژەڵی ، وە کە پیریش بوو تەمەنت بەسەر چوو ئەوسا تێدەگەی کە ئەم
ژیانەت بێ سود بەسەر بردووە ئەو سا هیچ پەشیمانیەکیش سوودی نیە
وەهاندەرێکی تریش هەیە کە هەندێک جار لە کەسانێکدا بە دی دەکرێت
ئەویش ئەوەیە کە کەسێک هەست بە کەمی بکات لە کۆمەڵگا و عائیلەی
خۆیدا چ کەسەکە لە ڕووخساردا ناشرین بێت ج کەم ئەندام بێت کە وای
لێ بکات هەست بە کەمی بکات ئەمەش بەراستی پاڵنەرێکە بۆ هەندێک
کەس کە وای لێکردون بخوێنەوە و هەوڵ بدەن و سەرکەوتنێکی زۆر
مەزن بە دەست بهینن وە سوود بەخۆیان و خەلکی بگەیەنن ،وە دەبێ
بزانین کە زیرەکیش دەورێکی زۆری هەیە لە خویندنەوە دا تۆی زیرەک
هەر چەندی بخوێنیتەوە هەر پێت کەمە و زیاتر و زۆر تر هەوڵدەدەی
بخوێنێتەوە و تام دەکەی لە خویندنەوەت بەراستی ئەمەش پاڵنەرە ، وە
بزانە تەمبەڵی بونی نیە هەر ناوێکە کە کەسێک هەوڵ نەدات بۆ بە
دەست هێنانی ئامانج و مەبەستەکەی پێی ناڵێن سەرنەکەوتوو یاخود
هەوڵنەدەر پێی دەلێن تەمبەڵ ئەها کەواتە بزانە تۆ تەمبەڵنیت بەڵکو
هەوڵێکی زۆر جدیت نەداوە و ئیهمالیت کردوە لەوەی دەتەوی و ئامانجتە
و نەتوانیوە بە باشی هەوڵ بدەی وە ئەمەش نابێت ببێتە هۆی ئەوەی تۆی
خوێنەر بلێی وەلا من تەمبەڵم بۆیە هەر ناچێتە مێشکم وە هیچ پێویست
ناکات کتێب بخوێنمەوە نا غەلەت ئەم جۆرە بیر کردنەوەیە بەڵکو
لەسەرت پێویستە خۆت ڕۆن بیر بکەی وە مێشکت بەهێز بکەی بە
هەزار هۆکار وەرە مێشکت چالاک تر بکە و ورە و تاقەتێکی زۆر بە
هێز بدە بەر خۆت بۆ ئەوەی مێشکت باشترین و چالاک تر بێت و زۆر
بە ئاسانی بتوانی هەست بە وەر گرتنی زانیاری بکەی کە مێشک و دڵت
پێی بگۆڕێ لەکاتی وەر گرتنی زانست و زانیاری نوێ بۆیە تۆ دەتوانی

بەئاسانی بیسەلمێنیت کە تۆ تەمبەڵ نێت بەڵکو باشتر هەوڵت نەداوە بۆ وەگەڕ خستنی مێشک و دڵ و ورەت بۆ خوێندنەوە و زانست و زانیاری.

## هەندێک لە ئامۆژگاری و سود دەنووسم بە خاڵ بۆتان :

١- گەر ویستت هەر کتێبەک بخوێنیتەوە سەرەتا سەیری پێرستەکەی بکە بۆئەوەی بزانی تاوەکو چەن سودی بۆت هەیە.

٢-گرینگی زۆری هەیە کە کتێبەکەت کڕی و بەدڵت بو دەستت کرد بە خوێندەوەی هەتاوەکو تەواوی نەکەی وازی لێ نەینی و لەگەڵی بکەیە عینادی تاوەکوتەواوی دەکەی وە هەرگیز نابێ پچڕ پچر بخوێنیتەوە.

٣-وە ئەوەت هەمیشەلە یاد بێ کە چۆن نابێ لە کاتی خواردنی نان زۆر زۆر بخۆی تا گەدەت دەهێشێ خوێندنەوەش نابێ زۆر زۆر خۆت ماندو بکەی لەسەر یەک تاوەکو مێشکت دەهێشێ و دەروونت نا ئارام دەکات ، بخوێنەوە و بەپێی پێویست و اسراحەتی کورت کورت بدە مێشکت جار جار .

٤-پێویست نیە بەس بخوێنیتەوە هەبێ وە دەبێ بشنوسی واتا ئەم کتێبەت خوێندەوە دەفتەرێکی تایبەتت هەبێ بە خویندنەوە بۆ نموونە کتێبێکت تەواو کرد بنوسە کە چی لێ فێربویت و چیت لێ وەرگرت لەم کتێبە واتا چەند سودی هەیە بۆت و بۆ چ کەسێک باشە .

٥-کاتێک خوێنەر مێشکی مەشغوڵ دەبو لەکاتی خوێندنەوەدا ئەوە دەبێ بزانی هۆکاری چیە ئایە کارێکی تری بە نیوە پچڕی جێ هێشتوە یاخود ڕۆمانێکی تەواو نەکراوی جێ هێشتوە یاخود هەرشتێکی تری بەجێ هێشتوە بە نیوەی با تەواوی بکات نابێ مێشکی مەشغوڵ بێ بە شێتێکەوە ، ئینجا بێت کتێبەکەی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بیر و هۆش و تەرکیزی نەڕوات لە کاتی خوێندنەوەدا .

٦-وە ئەوە بزانە ئەی خوێنەر باشترین کات بەیانیە بۆ خوێندنەوە چونکە: خەوت مێشکی مرۆڤ ساف دەکات و بەیانیان باشتر کاتە بۆ زانیاری وەر گرتن لەوەی کە عسران و ئێوارن بخوێنێتەوە چونکە : تۆزێ قورسترە بۆ مێشک .

٧-وه شوێنێکی تایبەت بە خوێندنەوەمان هەبێ و وامان لێبکات ئەو خوێندنەوەمان لابکاتە خوێکی زۆر خۆشەویست کە نەتوانین واز لەخوێندنەوە بهێنین .

## هەندێک ئامۆژگاری گشتی

سەرەتا لەسەرت پێویستە بزانی بۆچی دەخوێنیتەوە وە بۆچی خۆت ڕۆشنبیر دەکەی وە پاشان ئەو ڕێگایە بدۆزەوە کە دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێزت بۆ خوێندنەوە وە خۆشەویستکردنی خوێندنەوە و گیرۆدەبونی هەتا وات لێ دێت ناتوانی بۆ هیچ شوێنێک بچیت بەبێ کتێب وە ئەمەش خەیاڵ نیە دڵنیابە زۆر ئاسانە تەنها تۆزێ سەرەتاکەی خۆت ماندوو بکە و دواتر ئاکامەکەی دەبینی کە چۆن تۆ دەگۆڕێی و چۆن کتێبت و خوێندنەوەت لا خۆشەویست دەبێت بە ماوەیەکی زۆر کورت ، بەڵێ ئەوە خۆتی دەزانی کە چ کاتێکت گونجاوە بۆ خوێندنەوە وە چ کاتێک دیاری دەکەی شەرت نیە ئەو خاڵانەی کە من یان کەسێکی تر دەی نوسێت بۆتۆ گونجاو بێت چونکە: هەیە کاری ڕۆژانەی زۆرە و هەر لەبەیانی تاوەکو ئێوارە وە زۆریش ماندووی دەکات ئەو کارەی منێکی قوتابی کە تەنها بەیانیان لە زانکۆم کە دێمەوە کاتی بەتاڵم زۆر زیاترە و ماندوویەکی وەهاش نیم دەتوانم زیاتر بخوێنمەوە و مێشکیشم ساف و ساخ تر ودەروونیشم ئارام ترە لەوانی تر کەواتە ئەها چەنێکی جیاوازی هەیە لە کەسێک بۆ کەسێکی تر جیاوازە جا بۆیە تۆش لەگەڵ خۆت دانیشە سەیری خۆت بکە و بزانە چۆن و چ کاتێک گونجاوە بۆ خوێندنەوە و چ شوێنەک و چۆنیەتی خوێندنەوە و چ جۆرە کتێبێک گونجاوە بۆتۆ و مێشکی تۆ ، وە لەکاتی خوێندنەوەش شەرت نیە هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن لە کاتی خوێندنەوەدا جێ بەجێ بکرێ ئەم خاڵانەی نوسراون زۆر باش و جدین و کاری جیدیان لەسەر کراوە بۆ بە خو کردنی خوێندنەوە بۆ خوێنەر چۆن بلێین شێوازێکی زۆرستانداردە بۆ لا خۆشەویست کردنی خوێندنەوە بە خوێنەر ، وە مەرج نیە تۆتەنها لەسەر کتێب بخوێنیتەوە جاری وا هەیە کتیبەکەت زۆر حەز لێیە بکری بەڵام پارەت بەش ناکات یاخود تواناى کڕینت نیە ئەوە زۆرئاسایە لەسەر موبایلەکەت یاخود ئایپاد یاخود کۆمپیتەرەکەت بخوێنیتەوە بەڵام بەشێوازێکی تەندروست چاویلکەی تایبەت بەکار بهێنە و شاشەکەی کز

بکە و .....هتد ئەمەش وا نیشان دەدات کەتۆ کەسێکی تەواو ئاشقی ئەو شتە بوی کە دەت ویست و هەوڵت بۆ دەدا ، هەنێ شتی تریش هەن کە بزانە و ساویلکە مەبە بۆ نموونە تۆ بەقوڵی چویتە رۆمانەکە و یاخود بابەتی کتێبەکە دایکت یاخود باوکت کەسێک لە خێزانەکەت بانگت دەکات نەلێی جوابی نادەمەوە و ناچم چونکە : لێم دەبێتە پچڕ پچڕ نا تۆ دەبێ ئەوە بزانی کە دایک و باوک و زۆر گرینگترن لە کتیبەکە یاخود نان نەخۆی یان نوێژ بفەوتێنی لەسەر خوێندنەوەی کتیبەکە بلێی دەبێتە پچڕ پچڕ چونکە: بەراستی ئەمەش وا نیشان دەدات هیچ سودت نەدیوە لە خوێندنەوەی کتێب و هیچ مەعریفەت و تێگەیشتنت بۆ ژیان زیادی نەکردووە ، چۆن دەلێی واجبێک بە قوربانی سونەتێک دەکەی بێگوومان ئەمەش کارێکی زۆرهەڵەیە ، جا بۆیە بەپێویستم زانی ئەم بابەتە باس بکەم بە کورتی .

بۆ سود بەخشین بەهەموو لایەک وە ئێوەش لە دوعای خێر بێ بەشما مەکەن .

# زینای ئەلیکترونی

لەوانەیە زۆربەتان ئیستا لەگەل بیستنی ئەم وشەیە شۆک دەبن و نازانن مانای چییە؟؟ مەبەستمان لە زینای ئەلیکترۆنی جۆرێکە لە جۆرەکانی بەدڕەوشتی کەلەم ماوەیەدا سەری هەڵداوە کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت (گفتووگۆی نیوان دوو کەس بە نیازی بەدڕەوشتی یان پیشاندانی ئەندامەکانی جەستە چ بە وێنە یان ڤیدیو لەسەر شاشەی انترنت زۆر لایەنی تریش لەخۆ دەگریت) ئیمەی مامۆستایانی ئاینی لەگەل هەموو کێشەکانی کۆمەڵایەتی دەبێ پێدا بچین و نوسینی لەسەر بنوسین هۆکاری کێشەکانی ژیان وە لایەنە کۆمەڵایەتییەکان دەبینین ، کە شتێک دەبینین کە ڕێژەکەی زۆر بووە وەک ئەرکی سەرشانمان پێویستە هوشیاری بدەینە کۆمەڵگایەک کە نەوەی ئیمەی تیدا گەورە دەبێت...دڵنیابن لەوەی هیچ شتیک باس ناکرێت کە تەنها حالەتێک دوو حالەت یان تۆزێکیش زیاتر بێت...لە ئیستادا حالەتی جیابوونەوەی هاوسەران زۆر زیادی کردووە لەگەل دارمانی خێزان دەزانم هۆکاری کۆمەڵایەتی زۆرە بەڵام لەهەر هەمووی کارەساتتر ئەو هۆکارەیە کە سۆشیال میدیا دروستی دەکات بەتایبەتی( زینای ئەلیکترۆنی) : لە راستیدا تێکەڵ بوون لە ئینتەرنێت هیچ جیاوازی نییە لەوەی لە واقیعی ژیان ڕوودەدات.فەیس بووک و انستاگرام و سناپ و تیک تۆک جۆرەها تر مرۆڤی داوێن خراپ و نائاسایی تیدایە لە پشتی شاشەکانەوە گفتوگۆت لەگەل دەکەن یەکەم جار بە سڵاوێک دەست پێ دەکات ئینجا یەکتر ناسین و دواتر کارەساتی تر کەخۆشیان نازانن ژیان چۆن سەراو بن تێک دەدات منداڵ و خێزان پەرتەوازە دەکات و کە دەگاتە دادگاو پزیشکی دادوەری کێشەکە چارەسەری زۆر زەحمەتە وە کاتێک پرسیار دەکەین لە کەسەکان کە هۆکاری چییە وات کردووە ؟ لە وەڵامدا زۆر بە ئاسایی وەڵاممان دەدەنەوە (ئەوشتەی کردوومانە تەنها لەسەر ئینتەرنێت بوو راستی نەبوو) .لێرەوە دەمەوی بڵێم، بەهیچ شێوەیەک ئینتەرنێت و راستەقینە جیاوازی نییە زینا هەر زینایە وە دەمەوی ڕووی قسەم ئاراستەی هەردوو ڕەگەز بکەم کە ئەوانەی ئەم کارە دەکەن ئایا رازی دەبن کەسێک وا لە کەسە نزیکەکانی ئێوە بکات وە لێرەوە دەوری مامۆستا ئایینیەکان مامۆستایانی زانکۆ و قوتابخانەکان دەست پێ دەکات کە هۆشیاری زیاتر بدەن بۆ

خەڵک کە زینا هەر زینایە لە ئینتەرنێت و ڕاستەقینە جیاوازی نییە تکایە با هەمووومان ئینتەرنێت بەکار بێنین بۆ وەرگرتنی زانست و ڕۆشەنبیری نەک بۆ شتی تر و خۆشمان بە دوور بگرین لە شتی بێ سودی ئینتەرنێت ،خوای گەورە هەموو لایەک بپارێزی لە شەڕی ئینتەرنێت.

# موناجاتێک

خوایه گیان

له ئایەت و لەفەرموودەدا گوێم لێ بوه تۆ زۆر لەدایک بەرەحم تری بۆ مسولمانان ، خوایه گیان ئەگەر من بگەڕێمەوه بۆ لای دایکم هەرچەنده گوناح بار بم و خراپەم کردبی بەرانبەری لێم خۆش دەبێت دڵنیام لەوه ئەی تۆ زۆر له و به ڕەحم ترنی بۆمان !؟ دەسا خوایه گیان لێمان خۆش به و عەزابی قەبر و جەهەنەمان پێ نیشان مەده و بەدوورمان بگره

---

خۆزگه خوای گەوره بەس منی کرد بویایه جەهەنەم

بۆ ئەوەی هەموو خەلکی بچنه بەهەشتەوه وه خوای گەوره بەس خەریکی ئازاردانی من بوایه هیچی تر نەکربوایه وه پێغەمبەر محمد گیانیش بەس خەریکی دوعا کردن بوایه بۆ من بەس دل و بیر و هۆشی لای من بوایه.

---

خوایەگیان ئەزانم تۆی ڕۆژ له ڕۆژ هەڵاتەوه هەڵدێنی

و له ڕۆژ ئاواوه ئاوای دەکەی ، وه دەزانم توانای تو زۆر گەورەتره لەوەی به بیری ئێمەدا دێت ، دەسا خوایەگیان خۆری خۆشیەکانی ئێمەش هەڵبێنه لەگەل بەرەبەیانێکا

---

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

# پێرست

١-پێشەکی .......................................... ٤
٢-کۆمەڵگا ........................................... ٦
٣-هەنگاوی مرۆڤ لەژیانی دا.............................. ٨
٤-وردی تاوان............................................. ١٠
٥-میوانی دوانزەی شەو................................... ١٢
٦-یادی خوای گەورە..................................... ١٤
٧-وەهمی شەیتان......................................... ١٦
٨-وەهمی پیرۆزکردن ..................................... ٢٠
٩-وەهمی پارە............................................. ٢٣
١٠-خۆ ئامادەکردن بۆمانگی ڕەمەزان......................... ٢٦
١١-وەهمی ئینتەرنێت...................................... ٢٨
١٢-وەهمی ژیانی مرۆڤ .................................. ٣٢
١٣-ناسینی خوێندنەوە .................................... ٣٥
١٤-هەندێک ئامۆژگاری .................................. ٣٧
١٥-هەندێک ئامۆژگاری گشتی .............................. ٣٨
١٦-زینای الکترۆنی........................................ ٤٠
١٧-موناجاتێک ............................................ ٤٢
١٨-فهرست ............................................... ٤٣